
سەروتار



تەیب جەبار

# ئەدەبی ژن، ئەدەبی پیاو

ئەدەبی ژن و ئەدەبی پیاو لە شێوەدا یەکن



ئایە ئەدەبێک هەیە پێی بگوترێت ئەدەبی ژن؟ کە لە لایەن ژنەوە بنووسرێت، ئایە ئەدەبێک هەیە پێی بگوترێت ئەدەبی پیاو؟ کە لە لایەن پیاوەوە بنووسرێت. وەڵامی ئەو دوو پرسیارە کێشمەیەکە، تاکو ئێستا نووسەران و بیرمەندان لەسەری رێک نەکەوتوون. دوو بۆچوون هەیە، نووسەرانێک هەن چی ژن بن یاخۆ پیاو دەڵێن: ژن و پیاو ئینسانن و بەهەرمی ئەدەبیش بەرهەمێکی ئینسانییە و هیچ فەرق ناکات چی ژن بینووسێت یان پیاو، چونکە بەرهەمی هەردووکیان باسی خۆشی و ناخۆشی و کێشە و موعاناتی ئینسان دەکات، لەبەرئەوە ئەدەبێک نییە بە ناوی ئەدەبی ژن و ئەدەبێکیش بە ناوی ئەدەبی پیاو. نووسەران و بیرمەندانێکیش هەن، چی ژن بن یان پیاو دەڵێن: لەبەرئەوەی ژن و پیاو دوو مەخلوقی جیاوازن ئەدەبەکەشیان جیاوازە، بۆیە ئەدەبێک هەیە پێی دەڵێن ئەدەبی ژن کە ژن دەینووسێت و ئەدەبێک هەیە پێی دەڵێن ئەدەبی پیاو کە پیاو دەینووسێت. باشە لە نێوان ئەم دوو بۆچوونەدا دەبێ رای من چی بێت؟ من دەڵێم: هەموو دەقێکی ئەدەبی لە شێوە و ناوەرۆک پێک دێت، بۆ شێوە من باوەڕ ناکەم شێوەیەک هەبێت بۆ دەقی ئەدەبی بڵێی ئەمە شێوەی ژنانەیە، یان ئەمە شێوەی پیاوانەیە، لەبەرئەوە ئەدەبی ژن و ئەدەبی پیاو لە شێوەدا یەکن، بۆ نموونە گەر شیعرێک ژن نووسیبێتی شێوەکەی هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ شیعرێک کە پیاو نووسیبێتی، چونکە بنەما و رەگەزی شێوە بۆ ئەدەبی ژن و پیاو وەک یەکن. بەڵام ئەدەبی ژن و ئەدەبی پیاو لە ناوەرۆکدا جیاوازن، چونکە بە رای من دید و بۆچوون و جیهانبینی ژن و پیاو جیاوازن، بۆ هەر کێشەیەکی ژیانی یان ژیاری، ژن و پیاو دید و بۆچوونیان جیاوازە بۆ

**ئەدەبی ژن و ئەدەبی پیاو لە ناوەڕۆکدا جیاوازن، چونکە بە رای من دید و بۆچوون و جیهانبینی ژن و پیاو جیاوازن**

**وڵاتانی رۆژئاوا سەدان ساڵە ئەدەبی ناوەڕۆک ژنانە خۆی چەسپاندووە و دەتوانین سەرەتاکەی بگەڕێنینەوە بۆ ژنە شاعیری یونانی "سافۆ"**

چۆنیەتی چارەسەر و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە و دیاردەکاندا.

ئێستا رای زۆربەی ژنان و بە تایبەت ژنانی فێمینستی کورد یان بێگانە، لەسەر ئەوە کۆکن کە ژن و پیاو دوو مەخلوقی جیاوازن. بەڵام ژنە نووسەری فەرەنسی " سیمۆن دیبۆڤوار "لە کتێبەکەیدا" رەگەزەکەی تر " دەڵێ: مرۆڤ وەک ژن لە دایک نابێت، بەڵکو کۆمەڵگە وای لێ دەکات کە ببێت بە ژن " رەگەزەکەی تر "، واتا کە نێر و مێ لە دایک دەبن وەک یەکن، بەڵام پەروەردە و کۆمەڵگە جیایان دەکاتەوە بۆ دوو رەگەزی جیاواز. بەڵام من لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیم، چونکە جەستەی نێر و مێ لە رۆژی لە دایکبوونەوە زۆر جیاوازن و هەموومان ئەو جیاوازییانە دەزانین و پێکهاتەی بایۆلۆجی جەستەی هەریەکەیان جیاوازە. رایەک لە ناو ژنانی فێمینستدا هەیە کە دەڵێ: راستە جیاوازی زۆری بایۆلۆجی لە نێوان جەستەی نێر و مێدا هەیە، بەڵام لە مێشکدا وەک یەکن، من لەگەڵ ئەم بۆچوونەشدا نیم و تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستیم نەبینیوە کە ئەم بۆچوونە بسەلمێنێت. ژنە فێمینست و رۆماننووسی ناوداری ئینگلیز خاوەنی خەلاتی نۆبڵی "٢٠٠٧" " دۆریس لیسنگ " دەڵێت: ژن و پیاو هیچ شتێکی هاوبەشیان نییە، بەڵام بێ یەکیش هەڵناکەن و ناژین. کەواتا ژن و پیاو جیاوازن و ئەدەبەکەشیان لە ناوەڕۆکدا کە دەبێت دەربڕی بۆچوون و شێوەی بیرکردنەوە و شیکردنەوەی کێشە و دیاردەی ژیانی و ژیاری جیاواز بێت. لای ئێمە نووسینی ئەدەبی ژن کەمە و زیاتر لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا پەرەی سەند، بەڵام بەداخەوە نووسەرانی ژن لای ئێمە زیاتر بە ئیحساسی پیاوانە دەنووسن و تازە خەریکە نووسینی ژنانە، کە دەربڕی بۆچوون و ئیحساسی ژن بێت، چەکەرە دەکات، بەڵام لە وڵاتانی رۆژئاوا سەدان ساڵە ئەدەبی ناوەڕۆک ژنانە خۆی چەسپاندووە و دەتوانین سەرەتاکەی بگەڕێنینەوە بۆ ژنە شاعیری یونانی "سافۆ". ئێستا زۆربەی نووسەران و بیرمەندان چ ژن یان پیاو و بە تایبەت ژنانی فێمینست کۆکن لەسەر ئەوەی کە ژن و پیاو دوو مەخلوقی جیاوازن و ناوەڕۆکی ئەدەبەکەشیان جیاوازە، لێرەدا پرسیارێک خۆی قوت دەکاتەوە، کە ئایە ئەم دوو مەخلوقە جیاوازە هەردووکیان ئینسانن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هەڵدەگرین بۆ دەرفەتێک.

٢٠٠٩/٣/٣٠